پارتی: پێویستە ڕێکخراوەتنی هاوپێیمانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و کارنامەی حکومەت جێ بەجێ بکات

پارتی بە پێویستی دەزانێت، ڕێکخراوەتنی هاوپێیمانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و کارنامەی حکومەتی فیدراڵی جێبەجێ بکرێت و دەڵێت، "لادانی سەرکی دەسەڵاتی یاسادانان ئاڵزییەکان زیاتر و قووڵتر دەکاتەوە".

ئەمە پێنجشەمە، مەحموود محەممەد، وتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاگەیێندراوەکی لەبارەی بارودۆخی ئێستای عێراق و ناوچەکە و بڕیاری دادگای فیدراڵی بە هەوەشاندنەوەی ئێندامێتیی محەممەد حەلبووسی، سەرکی پەرلەمانی عێراق بڵاوکردەوە.

وتەبێژی پارتی ئاماژەی بەوە کردووە، "بارودۆخی عێراق و ناوچەکە بە جۆرێک شێواوە کە پێشبینی هەژانێکی گەورە دەکرێت؛ لەم دۆخدا بەرپرسیارییەتیی سەرشانی سەرجەم هێز و لایەنە عێراقییەکان بە گشتی و، لایەنە پێکهێنەرەکانی هاوپێیمانی بەڕێوەبردنی دەوڵەتە بەتایبەتی، وردتر هەسەنگاندن بە هەوشەکە بکەن".